# چۆڕانـەوە



شوان عوسمـان

فـەزایـەک لـە هـەنـاسـە
هـەنـاسـەیـەک بـۆ فـەزاکـردنـی رۆح
رۆح لـە هـەنـاسـەبڕکـێیـەکـی
یـەکبینـە دایـە..
جـەسـتـەش لـە پـەلـەقـاژەی
بینـە و بـەردەی شـەکـەتیی
شتـەکـانـی دیکـە دایـە ..
ئـەی روحـی شـەکـەت؛
ئـەزانـم قـەدەرێکـە ..
سـەرمـەستـی فـەزایـەکـی
لـە مـەستییێتـی و
سـەراسیمـە و عـەودالـّی لـەزەتێکـی
لـە ساتـەکـانـی زەمـەن و
لـە قـەدەر و شـەکـەتیش .. دابڕان
زەمـەنیش لـە خنکـە خنکـی رۆحـدا،
بێبـاک و بـێ ئـەمـەک ..

ئەی رۆحی عاشق بە لەزەت ،
تۆ لە چ زەمەنێکدا هاتی ،
کە هەموو بەهایەک خۆڕایە و
قاتی ..
تەمەنیش لە پێکی بادەی ،
بەردەم عاشقێکی سەرگەرم
دەچێت ..
ئەوەندە تامەزرۆی سەرگەرم بوونە ،
بە چەند قومێک لەزەتی دانەمرکێ و
یەکبینە لەگەڵ پێکیدا
لە شەڕ و بینەوبەردەدا دایە ..
تا دەستی لە ئۆخەیەک گیر دەبێ.
ئەی رۆحی شەیدا ،
شەیدا بوونت بە لەزەت
شەیدا بوونتە بە زەمەن
زەمەنیش ئیرادەیەکە ،
بۆ دەستەمۆکردنی قەدەر

هۆلەندا
مانگی ١ی ٢٠٠٧